حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستیی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان

سکوڵی زمان / بەشی زمانی کوردی

# وشەی بێگانە لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا (کاریگەری زمانی فارسی وەك نموونە)

تویژینەوەیەکە پێشکەش بە سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی "بەکالۆریۆس" لەزمان و ئەدەبی کوردیدا.

Chra Rebwar

توێـژەر:

چرا ڕێبوار کەریم

سـەرپەرشـت:

م.گۆنا عومەر

(٢٧١٧-٢٧١٨)ی کوردی

(٢٠١٧-٢٠١٨)ی زاینیی.

# پێشکەشکردن

**پێشکەشە بە:**

- (دایکم و باوکم) ئەو هەناسانەی بە بێ ئەوان ژیان مانای نەبووە لەلام.
- بـرا خۆشەویستـەکانم (شـکار) و (هـاوکار).
- هاوسەر و جگەرگۆشەکەم (ڕێـوان).
- ئەوکەسانەی، کە لەژیانمدا بەخۆشەویستییەوە بوونیان هەیە.

Chra Rebwar

# سـوپاس وپێزانین

سەرەتا سوپاسی خوای گەورە دەکەم،کە تەندروستی و تەمەن و کەسی دڵسۆزی پێبەخشیم لە تەواوکردنی ئەم لیکۆڵینەوەیەدا، پاشان سوپاس بۆ:

- بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی،کە وەك ماڵی دووەم هەموومانی لە ئامێز گرتوو پێی گەیاندین.
- هەموو مامۆستاکانی درێژایی خوێندنی ژیانم،چونکە لەهەریەکێکیان وانەیەك فێربووم.
- (م.گۆنا عومەر) ئەرکی سەرپەرشتی کردنی لێکۆڵینەوەکەمی لەئەستۆ گـرتووە.
- مامۆستاو هاوڕێـی ئەزیزم (م.هاوکار سەعید)،کە زۆر بە دڵسۆزییەوە هاوکارم بووە،لە دەستخستنی سەرچاوە زانستییەکانداو بەردەوام ئامادەی وەڵامی هەمـوو پرسیارێکم بووە.
- دایکم و باوکم وبراکانم وهاوسەرەکەم،کە بەدڵسۆزی و خەمخۆری خۆیان منیان گەیاندە ئەم پلەیە، زۆرجار لەهەقی خۆیان خۆش بوون.
- هەموو ئەو ئازیزانەی،کە خۆشەویستیی ئەوان ئومێدو بەردەوامی بەژیانم بەخشی و بە پێی توانای خۆیان هاوکارییان کردووم.

Chra Rebwar

## ناوەرۆك


پێشەكی

١)فەرهەنگی زمان وكاریگەری وشەی بێگانە

١/١)چەمك وپێكهاتەی فەرهەنگی زمان

١/١-١)چەمكی فەرهەنگ

١/١-٢)نواندنی فەرهەنگی

١/١-٣)جۆرەكانی فەرهەنگ

١/١-٣-١)فەرهەنگی بنەڕەتی

١/١-٣-٢)فەرهەنگی گشتی

١/١-٤)ئەوگۆڕانكارییانەی بەسەر وشەكانی فەرهەنگدا دێن

٢/١)ڕێگاكانی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان

١/٢-١)چەمكی دەوڵەمەندی لە زماندا

١/٢-٢)ڕێگاكانی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان بەگشتی

٣/١)دیاریكردنی خێزانی زمانی كوردی و زمانی فارسی

١/٣-١)پەیوەندی لایەنی زمانی نێوان كوردیو فارسی

٢)كاریگەری وشەی فارسی لەسەر فەرهەنگی زمانی كوردی

١/٢)هۆكارەكان وكاریگەرییەكانی هاتنەوناوەوەی وشەی بێگانە لەزمانی كوردیدا

٢/١-١) هۆكارەكانی هاتنەوەوەی وشەی بێگانە لەفەرهەنگی زمانی كوردیدا

٢/١-١-١) هۆكاری ڕامیاری


Chra Rebwar

**٢/١-١-٢) هۆكاری ئاینی**

**٢/١-١-٣) هۆكاری بازرگانی وپیشەسازی**

**٢/١-١-٤)هۆكاری خێزانی**

**٢/١-١-٥) هۆكاری ڕۆشنبیری**

**٢/١-١-٦) هۆكاری ڕاگەیاندن**

**٢/١-١-٧) هۆكاری دراوسێتی وتێكەڵبوون**

**٢/١-١-٨)هۆكاری تەكنەلۆجیا**

**٢/١-٢)كاریگەرییەكانی وشەی بێگانە(فارسی)لەزمانی كوردیدا**

**٢/٢) بنەچەی وشەوەرگیراوەكانی زمانی كوردی**

**٢/٢-١)وشەی عەرەبی لەزمانی كوردیدا**

**٢/٢-٢) وشەی ئینگلیزی لەزمانی كوردیدا**

**٢/٢-٣) وشەی توركی لە زمانی كوردیدا**

**٢/٢-٤) وشەی ڕوسی لەزمانی كوردیدا**

**٢/٣)وشەی فارسی لەفەرهەنگ وبەكارهێنانی زمانی كوردیدا**

**٢/٣-١)ئەو وشانەی عەرەبین وفارس و كورد بەكاریدەهێنن**

**٢/٣-٢)ئەو وشانەی هاوبەشن لەنێوان زمانی كوردی وفارسیدا**

**ئەنجام**

**لیستی سەرچاوەكان**

Chra Rebwar

# پێشەکی

Chra Rebwar

## ٠/١) ناونیشانی باسەکە:

باسەکەم بە ناونیشانی (( وشەی بێگانە لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا(کاریگەری زمانی فارسی وەك نموونە) )) واتە باس لە هاتنەناوەوەی وشەی بێگانە/فارسی دەکەم بۆ ناو زمانی کوردی، هەروەها ئاماژە بە کاردانەوە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەکەم لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا.

## ٠/٢) هۆی هەڵبژاردنی باسەکە:

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی باسەکەم، گرنگی وپێویستی بابەتەکە بوو بۆ زمانی کوردی.

## ٠/٣) کەرەستەو سەرچاوەی بەکارهاتووی ناو باسەکە:

لەم باسەدا ئەو وشەو زاراوانەی، کە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی لە کاردان، خراوەتەڕوو، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی نووسراو بە زمانی کوردی و بیانی.

## ٠/٤) گرفتی نامەکە:

نەبوونی فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی وکەمی لێکۆڵینەوەی کوردی لەسەر بابەتەکە، گرفتی لێکۆڵینەوەکەن، هەندێ لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا کراوون، بەڵام لەبەر گرنگی و فراوانی بابەتەکە دەکرێت، چەندین لێکۆڵینەوەی تری لەسەر بکرێت.

## ٠/٥) ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، بریتییە لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی شیکاری بەراوردکارییانە.

## ٠/٦) ناوەڕۆك و بەشەکانی باسەکە:

نامەکە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، پێکهاتووە لە:

Chra Rebwar

## بەشی یەکەم:

لەم بەشەدا بەشێوەیەکی تیۆری باسی فەرهەنگی زمان کراوە، کە لەڕووی چەسپاوی و نەچەسپاوی وشەکانیەوە دابەشکراوە بەسەر فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی بنەڕەتیدا، لەگەڵ خستنەڕووی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان ودیاریکردنی خێزانی هەریەك لە زمانی فارسی و کوردی، لەکۆتایشدا ئاماژە بەلایەنی زمانیی هەردوو زمانی کوردی و زمانی فارسی کراوە.

## بەشی دووەم:

لەبەشی دووەمدا باسی کاریگەری وشەی فارسی کراوە لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی، دواتر هۆکارەکان و کاریگەرییەکانی وشەی بێگانە/فارسی بۆناو زمانی کوردی خراوەتەڕوو و نموونەی پراکتیکی بۆ هەر هۆکارێکیان هێنراوەتەوە، پاشان لە بنەچەی وشە وەرگیراوەکان کۆڵدراوەتەوەو نموونەی پراکتیکی بۆ ئەو وشانەش خراوەتەڕوو، کە لە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی و ڕوسییەوە خوازراون، لەکۆتای ئەم بەشەدا نموونە گەلێکی زۆرمان خستۆتەڕوو، چ ئەو نموونانەی، کە عەرەبین و فارس و کورد بەکاری دەهێنن، چ ئەو نموونانەش، کە هاوبەشن لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا و هەردوو زمانەکە وەکویەك بەکاریاندەهێنن.

دواتر ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو، کە لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتووین.

Chra Rebwar

# بەشی یەکەم

## فەرهەنگی زمان و کاریگەریی وشەی بێگانە

Chra Rebwar

## ١)فەرهەنگی زمان و کاریگەری وشەی بێگانە

### ١/١) چەمك وپێکهاتەی فەرهەنگی زمان

### ١/١-١) چەمکی فەرهەنگ:

فەرهەنگ پردی پەیوەندی نێوان زمان وکۆزانیاری دەربڕاوی زمانەکەیە،کە هەموو زمانێك وشە(دانا)ی جیاوازی هەیە، بەلاّم هەموو زمانێك میکانیزمی ڕێزمانی خۆی هەیە بۆکۆکردنەوەی ڕەگی وشەکان بۆدەربڕینی مەودای بیٚ سنوری چەمکەکان.[١] بۆتێگەیشتن لەچەمکی فەرهەنگ چەند پێناسەیەکی زمانەوانان وەردەگرین، (شۆخان عزیز عومەر)لەناساندنی فەرهەنگدادەڵێت: (( فەرهەنگ:ئەوکتێبەی،کەوشەی تێدا تۆمارکراوە،جگە لەڕیزکردنی وشەکان بەپێی پیت.))[٢] فەرهەنگی زمان تێکڕای وشەی زمانێك (نوسراو ونەنوسراو گوتراو و نەگوتراو ماو ولەناوچوو زالٚ وژێردەستەو سست وچالاك) لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی جیهانی وشە فراوانە گەنجینەیەکی گەورەی زمانەکە پێکدەهێنێت ، هەتا وشەکانی گەشەو نەشونما بکەن، فەرهەنگەکەشی گەشەدەکات وزمانەکەش لە فەوتان و لەناوچوون دەپارێزێت.[٣]

لەزمانی کوردیدا بەرامبەر زاراوەی فەرهەنگ چەند زاراوەیەکی تربەکارهێنراون، وەك (قاموس،فەرهەنگۆك،وشەنامە)، فەرهەنگ لەزمانی عەرەبیدا واتای (المعجم)ولەزمانی ئینگلیزیشدا(lexicon) دەگەیەنێت، بۆ ناونانی ئەوکەرەستانەش کەلەفەرهەنگدا تۆماردەکرێن، هەریەك لە زاراوەکانی (لێما،لێکسیێم،لێستێم) بەکارهاتوون.لەناو زمانەواندا پێناسەی جۆراوجۆر بۆفەرهەنگ کراوەو هەرزمانەوانێك لەڕوانگەیەکەوە

---

١. John F. Sowa (2000: 1).


٢. شۆخان عزیز عومەر ( ٢٠١٤: ٦٧).

٣. عوسمان کریم عبدلرحیم (٢٠١٤: ٣-٤).

Chra Rebwar

پێناسەی کردووە، زۆرجاریش تێکەڵییەك لەنێوان فەرهەنگی ئاوەزی و فەرهەنگی ئاساییدا کراوە.[٤]

فەرهەنگ بەبەشێك لەیاسای پەیوەندیکردن دانراوە،چونکە یەکەی فەرهەنگی بنیاتی پەیوەندیکردنی فۆڕمدروستی فۆنۆلۆژی و سینتاکسی و چەمکیی لەخۆدەگرێت،واتا لەڕێگەی یەکە فەرهەنگییەکانەوە دروستەی فۆڕمدروست لە دروستەی فۆڕمنادروست جیا دەکرێتەوە،چونکە یەکەمین پێکهاتەی سیمانتیکی هەرزمانێك بریتییە لە فەرهەنگی ئەوزمانە، بۆیە دەبێت ئەو کەرەستە زمانیانەی لەفەرهەنگدا هەڵگیراون واتایان هەبێت.[٥]




**( هێڵکاری یەکەم )**

---

٤. محمد مجيد سعيد (٢٠١٥: ٦).

٥. سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٥: ٧).

ChraRebwar

## ٢-١/١) نواندنی فەهەنگی:

کاتێك هەرفەرهەنگێك دەخوێنینەوە، دەبینین داڕشتەیەکی خۆی هەیە، واتە بەشێوازی نوسینەوەی فەرهەنگ چوارچێوەو ڕێکخستنی تایبەتی بۆ دانراوە.

"فەرهەنگ" کۆکردنەوەی وشە قۆناغی خۆئامادەکردنە، بۆئەوەی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی زمان بەکاربهێنرێت، منداڵ لەقۆناغی پێش فێربوونی قسەکردندا لەڕێگەی گوێگرتن ولاسایکردنەوە وشەکان دەربڕێت،هەرچەندە لەسەرەتادا بە کەموکوڕی دەریدەبڕێت، بەلاّم ئەمەش وەکو هەموو ڕەفتارەکانی تری زۆر بە ناسکی ونازداری ئەنجامی دەدات. زانینی زمانێکی دیاریکراو کەوا هەزاران وشە لەخۆدەگرێت،بە (گەنجی مێشك) ناودەبرێت،کەبەرامبەر بەلیستی وشەو واتاکانی ناوفەرهەنگ دەوەستێتەوە،دەکرێت فەرهەنگی مێشك بە دەزگایەکی گەورەی سنوردار بچوێنرێت،کە هەرگیز بەجێگری نامێنێتەوە،بەڵکو بەردەوام وشەی نویٚ فێردەبێت و وشەی سواویش لەبیردەکات.[٦] هەرچەندە فەرهەنگ پێشتر بە پاشکۆی ڕێزمان یان بە لیستی ناڕێزمانییەکان دانرابوو، بەلاّم زۆرێك لەڕێبازەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن،کە فەرهەنگ تەنها لیستی نادروستییەکان ناگرێتەوە، فەرهەنگ لە سیمانتیکی لێکدەرەوەیدا تایبەتمەندییەکانی ئەوڕۆڵە دەگرێتەوە،کە هەرکەرەستەیەکی فەرهەنگی هەیەتی،بەشێوەیەکی وردتر کەرەستە فەرهەنگییەکان دروستەی ناوەکی خۆیان هەیە،کەبەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانەوە دەنوێنرێن،کە ئەوانیش بریتین لە:یاساکانی فۆڕم داڕشتن و یاساکانی هەڵواستن و یاساکانی کۆت وبەندکردن و مەرج وسنوردانان.[٧] ڕوکاری بنەڕەتی یاساکانی فۆڕم داڕشتن فەرهەنگی سیٚ لایەنەیە، ئەوانیش:دروستەی فۆنۆلۆژی،دروستەی سینتاکسی،دروستەی سیمانتیکی.

Chra Rebwar

---

[٦]. عوسمان کریم عبدلرحیم (٢٠١٤: ٣-٤).

[٧]. شیلان عومەر حسەین (٢٠١١: ١٤٩).

فەرهەنگ تەنها کەرەستە فەرهەنگییەکان ناگرێتەوە،بەڵکو ئەو شێوەو نەخشە ئەبستراکتانەش دەگرێتەوە،کە کەرەستەکان دەتوانن تایبەتێتییە (زگماکییەکان)ی لەخۆبگرێت.[٨]

کەرەستەی سەرەکی فەرهەنگی زمان وشەیە، وشەش وەکو ڕەگەزی سەرەکی ئەم سێ تایبەتمەندییەی خوارەوەی هەیە:[٩]

١. هەمیشە یەکە فەرهەنگییەکان (وشەکان)جێگیرنین.
٢. وشەی نوێ لەهەمووکات وبارودۆخێکدا دروست دەبێت.
٣. وشەی کۆن و سواوەکان ڕووبەڕووی ونبوون و لەناوچوون دەبنەوە.

هەر زمانێك توانای فریاکەوتنی سەرجەم بوارەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵەکەی هەبێت،ئەوا بە زمانێکی زیندوو و دەوڵەمەند دادەنرێت،بەڵام ئەمە لەڕاستیدا زۆر کەم و دەگمەنە،چونکە هیچ زمانێك لەسەدا سەد وشەکانی تەواو خۆماڵی نین، بەڵکو بەهۆی چەند ڕێگایەکی گونجاو و لەبار بۆ زمانەکە ، وەك: قەرزکردنی وشە، یاخود وشە وەرگرتنەوە ئەوکەلێنانەی پێ پڕدەکاتەوە.

## ١/١-٣ جۆرەکانی فەرهەنگ:


لەڕووی چالاکی وبەکارهێنانی وشەکانەوە بەپێی پلەی چەسپاوی ونەچەسپاویان، فەرهەنگی زمان پێکدێت لە،فەرهەنگی گشتی کەسەرجەمی ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لەزمانێکدا بەکاردێن، لەگەڵ فەرهەنگی بنەڕەتی زمان کەبەشێکە لەگشتییەکە.[١٠]

---

[٨]. شیلان عومەر حسەین (٢٠١١: ٥٦-٥٧).
[٩]. عوسمان کریم عبدلرحیم (٢٠١٤: ٣).
[١٠]. سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٤: ٣).

Chra Rebwar


**فەرهەنگی زمان پێکدێت لە ( فەرهەنگی بنەڕەتی و فەرهەنگی گشتی )، وەك لەم هێڵكارییەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:**




**( هێڵكاری دووەم )**

**ئەگەر ئێمە بێین لەوشەوە دەست پێبکەین، ئەوا دەتوانین پێناسەکەی (ستیپانۆڤ) بۆ وشە وەربگرین،کە دەڵێت:(( وشە بچوکترین خەلییەی فەرهەنگە )). واتا**

**بەهەرشێوەیەك بێت، وشە گرنگترین کەرەستەی زمانە[11]، وەك لەم هێڵكارییەی خوارەوەدا خراوەتە بەرچاو:**




**( هێڵكاری سێیەم )**

Chra Rebwar

---

[11]. فاروق عومەر سدیق ( ٢٠١١: ٢٣).

## ١-٣-١/١) فەرهەنگی بنەڕەتی:

فەرهەنگی بنەڕەتی زمان لەو وشانە پێکهاتووە، کەسەدان ساڵە ( لە زمانێکی دیاریکراودا ) بەکارهاتووە، واتە ( کۆی ئەو وشانەیە کەلەزماندا هەن وکۆمەڵ بەگشتی لەسەری ڕێککەوتوون)، هەروەها گرنگترین بنەما بۆ جیاکردنەوەو دۆزینەوەی پەیوەندی خزمایەتی نێوان زمانەکان.

فەرهەنگی بنەڕەتی وشە ڕەسەنەکانی زمان دەگرێتەوە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت،کە ئەو وشانە تەنیا موڵکی یەك زمان بن، چونکە هەرزمانێك خێزانە زمانی خۆی هەیەو ئەم زمانانەش هاو خێزانی یەکترین ولە کۆمەلێك وشەدا هاوبەشن،بۆیە بەشی زۆری وشەی زمانی کوردی بە وشەی کوردی رەسەن دادەنرێت،ئەو وشانە بە(ڕەسەن) و (ناوخۆ)یی و (پەتی)ش ناودەبرێت ودەتوانن بەشداری سازکردنی وشەی نوێ بکەن،چونکە (وشەی فەرهەنگی بنەڕەتی زۆرتر دەژی و چەسپاوترە،لەگەڵ ئەوەشدا لێی هەڵدەوەرێت و وشەی نوێشی دەچێتە ناو، لەکارکەوتنی وشە لەسەرخۆیە، کاتی زۆری دەوێت، هەندێکجار لە چوارچێوەی فرێزێکدا، وەك ئیدیۆم دەمێنێتەوە) بۆنموونە : (شەوی یەڵدا).[١٢]

جیاکردنەوەی وشەی بنەڕەتی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەی بنەڕەتی کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە تا لەڕێگەیەوە لەوشەکانی ترجیابکرێنەوە،وەك (ئارنۆڵد) دەڵێت: ((نوسەران هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی ،کە نیشانە تایبەتێتی و جیاکەرەوەکانی وشەی بنەڕەتی بریتین لە:جێگیربوون وچەسپاوی،توانای سازکردنی وشەی نوێ، ئاشکرایی و زانراوی لای گشت.[١٣]

---

١٢. عوسمان کریم عبدلرحیم ( ٢٠١٤: ٦).

١٣. فاروق عومەر سدیق ( ٢٠١١: ١٥).

## ١/١-٣-٢) فەرهەنگی گشتی:

سەرجەمی وشەکانی زمانێك لەخۆدەگرێت،کە وا لەهەموو قۆناغەکانی مێژووی ئەو زمانەدا دەنرێت.[١٤]

فەرهەنگی گشتی لەڕووی ژمارەوە بێ سنور وشە لەخۆدەگرێت،هۆکارەکانی فراوانبوونیشی بەستراوە بەگەشەسەندنی ژیانی مرۆڤەوە لەهەمووبوارەکانی ژیانیدا. هەندێك جاریش بەپێی بنەمای وەرگێڕانی بیرەکان، بیرەکەی وەردەگێڕدرێت، کە ئەمەش بەیەکێك لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی وشەکانی زمان دادەنرێت.

بۆنموونە: (پێشگر prefix ،پاشگر suffix ).

هەندێك جاریش شتەکە نوێیەو تازە داهێنراوە ڕاستەوخۆ بە فۆڕمەکەیەوە پێشوازی لێدەکرێت، وەکو ( کۆمپیتەر، تەلەفزێون، ڕادیۆ، سپلێت )،جاری واش هەیە لەڕێی خۆسەپاندنی زمانێکی بێگانەوە بەهۆی داگیرکارییەوە وشە دەڕژێتە ناو زمانە ژێر دەستەکەوە.بە تایبەت ئەو وشانەی پەیوەندییان بەبواری سەربازییەوە هەیە وەکو (زابت، نەجمە، ڕوتبە، مەنسەب )، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە زمانی ژێردەستەش کاردەکاتە سەر زمانی باڵادەست، نموونەش بۆئەمە ( کاریگەری یۆنانییەکان بۆ سەر زمانی لاتینی ).

فەرهەنگی زمان هەمیشە لە شڵەقاندایەو بەردەوام وشەی تێدەڕژێت و وشەش دەفەوتێت، بۆیە ئەم دیاردەیە بە دوو گۆڕانکاری گرنگی فەرهەنگی گشتی دادەنرێت، چونکە وشەکانی ئەم فەرهەنگە بەتەواوەتی نەچەسپاون.[١٥]

---

١٤. عوسمان کریم عبدلرحیم ( ٢٠١٤: ١٠).

١٥. سەرچاوەی پێشوو ( ٢٠١٤: ١١).

## ١/١-٤) ئەوگۆڕانكارييانەی بەسەروشەكانی فەرهەنگدا دێن:

بەوپێەی فەرهەنگی هەر زمانێكی زیندوو، كراوەیەو بەپێی ئەو قۆناغە نویٚ ودیاردە (كۆمەلاٌیەتی، سیاسی و تەكنەلۆجی و...هتد)دێنە ئاراوە، گۆڕانكاری لەوشەكانی زماندا دەكەن، دەكرێت وشەی نویٚ دروست بێت و لەهەمانكاتیشدا، بەپێی ئەو قۆناغانە هەندێك وشەی دیكە بەرەو لەناوچوون بچێت. بەكورتی دەتوانین ئەو گۆڕانكارییانەی لە وشەكانی فەرهەنگدا دێنەكایەوە،لەم خالاٌنەی خوارەوەدا ئاماژە پێبدەین:

١. لەناوچوونی وشەكان: ئەم پرۆسەیەش لەئەنجامی دوو هۆكارەوە ڕوودەدەن:

ا. كۆن بوونی چەمكی هێما بەهۆی هەندیٚ وشەوە بۆنموونە: (قۆمیسەر،بانچاوەش).

ب. سەركەوتنی هەندیٚ وشەی وەرگیراو،تەنانەت بەسەر هاو واتاكانیشی،بۆنموونە: (قۆڵ، باجی).

٢. دەركەوتنی وشەی نویٚ: ئەم پرۆسەیەش چەند لایەنێكی هەیە:

ا. دەركەوتنی وشەی نویٚ بەچەمكی نوێوە، بۆنموونە:( كۆمپیوتەر، ئینتەرنێت).

ب. سەركەوتن و دروستبوونی وشە بەهۆی ئەو وشە وەرگیراوانەی،كەپێشتر توانیویانە هاو واتاكانیان لە زمانەكەدا ببەزێنن.

ت. قەرزكردنی وشە لە زمانێكی ترەوە.[١٦]

فەرهەنگ وەك گەنجینەیەكی وشە لیستی وشە-لێكسێمە تۆماركراوەكانەو بەشێكی زمانەو تەواوكەری ڕێزمانەكەیەتی.لێكسێم و فریٚزە لێكسیمییەكان واتای فەرهەنگییان هەیە،فریٚزە نالێكسێمییەكان وكێشەكانی وەك، سلاٌو وچۆنی و چاكیكردن لەگەڵ یەكتردا واتای فەرهەنگییان نییە.هەرچەندە ژمارەی وشەكانی

---

[١٦] عوسمان كریم عبدلرحیم (٢٠١٤: ١١).

گەنجینەی وشەی هەرزمانێك سنورداره، بەلاّم لێكسێمە ئالۆزەكان و كلێشەكانی ناو زمان لەبارنین بۆ جیاكردنەوەیان لەیەكتری.[17]

## ٢/١) رێگاكانی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان:

هەموو زمانێك پێویستی بە پاشخانێكی گەورەی وشە هەیە، بۆئەوەی لەكاتی دەربڕین( قسەكردن و نووسیندا ) سودیان لێ وەربگیرێت ، بەرلەوەی ڕێگاكان بخەینەڕوو،گرنگە لەچەمكی دەوڵەمەندی لە زانستەكانی وەك: زانستی ئابووری*و زماندا تێبگەین:

### ١-٢/١) چەمكی دەوڵەمەندی لە زماندا:

كاتێك باس لە دەوڵەمەندی لە زماندا دەكرێت، بێگومان مەبەست لە دەوڵەمەندی كەرەستەكانی زمانە یاخود بوونی ژمارەیەكی (زۆری)بێشوماری كەرەستەی زمانی بۆ شتەكانی دەوروبەرمان، وشەش وەك كەرەستەیەكی بنەڕەتی فەرهەنگ، دوو دیوی هەیە ئەوانیش(فۆڕم و واتان)، هەر وشەیەكیش وێنە، یان واتایەكی لەمێشكدا هەیە.

هەندێ وشە وێنەكەی و فۆڕم و واتاكەی جێگیر بووەو سەدان ساڵە بەكاردەهێنرێت و كاری ڕۆژانەی پێدەكرێت،هەندێكیشیان نوێیە، چ لەڕووی فۆڕمەوە بێت، یاخود لەڕووی واتاوە. دەوڵەمەندیی زمانیش، لەهەردوو ڕووەكەوەیە، دەوڵەمەندی لەڕووی فۆڕمەوە واتە فۆڕم زۆری، لە زماندا دیاردەی هاو واتایی لێدەكەوێتەوە.

---

[17] محمد محوی ( ٢٠٠٩: ٤٢).

**لەگەڵ ئەوەشدا(هەرزمانێك یەكەی سینۆنێمی زۆربێت، نیشانەی ئەوەیە فەرهەنگی ئەم زمانە دەوڵەمەندە) زۆربەی هەرە زۆری ئەو فەرهەنگە نوسراوانەی لەبەردەستدان، لەسەر بنەمای فۆڕم زۆری دانراون.لەسەرئاستی تاكەكەسیشدا هەركەسێك، كە سینۆنێمی زۆربزانێت،ئەوە بەڵگەیە بۆ دەوڵەمەندی فەرهەنگی ئەوكەسە.[(١٨)]**

**دەوڵەمەندی لەڕوی واتاوە، واتە فۆڕمێك لە واتایەك زیاتر بگەیەنێت، كە لەزماندا بەیەكێك لە دیاردەكانی هاوبێژی و فرەواتایی دادەنرێت.دیاردەی هاوبێژی و فرەواتایی،ئابووریكردنە لە فۆڕم بەو شێوەیەی زمان بەرەو ئەو ئاڕاستە دەبات، كەفۆڕمێك چەندین واتا بگەیەنێت بەمەرجێك واتاكانیان لەیەكترییەوە نزیك بێت،وەك فرەواتایی، دەكرێت واتاكانیان لەیەكترییەوە دوربن، وەك دیاردەی هاوبێژی،كە بریتییە لە (دوو، یان زیاتر لەوشەیەك، كەهەمان ڕێنوس، یان دەنگیان هەبێ، بەڵام لە واتاكانیاندا جیاوازبن**

**فۆڕم بەرامبەر (كاڵا) یە لە زانستی ئابووریدا،ئەو كەرەستانە دەگرێتەوە،كە لە بەردەستدان، دەكرێت بەهۆیانەوە كەرەستەی نوێ دروست بكرێت، واتایش بەرامبەر (خزمەتگوزاری) دەوەستێت،كە بە ئەبستراكتكراوی لە مێشكی قسەكەراندا هەڵگیراون، بەردەوامیش پێویستییان بە فۆڕمێكە بۆئەوەی بەرجەستەیان بكات.[(١٩)]**

Chra Rebwar

---

**[*] چەمكی دەوڵەمەندی لەبواری ئابووریدا مانای كۆكردنەوەو خاوەنداری سەروەت و سامانی زۆری ماددی ومەعنەوی دەگەیەنێت، زانستی ئابووری وەك هەر زانستێكی تر چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆدانراوە، بونموونە: (ئادەم سمیس) لە كتێبی (سەروەتی نەتەوە) دەڵێت:(ئابووری ئەوزانستەیە،كەبەردەوام هەوڵی بەدەستهێنان ودابینكردنی خۆشگوزەرانی گەل و وڵات دەدات). بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە (عوسمان كریم عبدلرحیم(٢٠١٤: ١٣-١٤)**

**[١٨]. عوسمان كریم عبدلرحیم (٢٠١٤: ١٣)**

**[١٩]. سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٤: ١٤).**

## ٢/١-٢) ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان بەگشتی:

چەند ڕێگایەکی گرنگ بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان هەن، کە زۆر گشتگیرو هەمەلایەنن.ئەمانەی خوارەوە، چەند ڕێگایەکن، یاخود دەتوانین بڵێین چەند میتۆدێکن بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان:

ڕێگاکان بریتین لە:[٢٠]

١. وشەی تاك واتایی و فرە واتایی

٢. هاوبێژی (Homonymy)

٣. هاو واتایی (Synonymy)

٤. وشەی خاوەن دوو یان زیاتر لە فۆڕمێك

٥. دژ واتایی (Antonymy)

٦. ئیدیۆم (Idioms)

٧. زاراوە (Term)

٨. لەسەربناغەی وشەی وەرگیراو لەزمانی تر

٩. لەسەربناغەی دیالێکتیزم

١٠ . لەسەربناغەی سازکردنی وشەی نوێ بەڕێگاکانی مۆرفۆلۆژی

١١ . وشەسازی بەڕێگای سینتاکسی

هەریەك لەوڕێگایانەی سەرەوە ڕۆڵێکی دیاریان لەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا هەیە، چونکە کاریگەری دیاریان لەسەرفەرهەنگی زمان بەگشتی و زمانی کوردی

---

٢٠. عوسمان کریم عبدلرحیم (٢٠١٤: ١٤).

Chra Rebwar

بەتایبەتی داناوە، بەلاّم بۆئەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە وەرگرتن یان کاریگەری وشەی بێگانە بکەینە بنەما.

## ٣/١) دیاریکردنی خێزانی زمانی کوردی و فارسی:

زمانی کوردی، وەك هەرلقێکی تری زمانانی هیندۆئەوروپی، بەدرێژایی مێژووی ژیاری نەتەوەی کورد، گەشەی کردووەو زیندوویيەتی خۆی،وەك هەرزمانێکی دیکەی ڕەسەن پاراستووە. (د.محمدی محوی) دەڵێت:(( زمانی کوردیی و زمانی فارسیی سەربە زمانە ئێرانییەکانن وبەتایبەتی هیندۆئێرانین ولەیەك ڕەگی هاوبەشەوە هاتوون.))[٢١] بەم پێیە زمانی کوردی و زمانی فارسی دوو زمانی کۆمەڵی زمانە ئێرانییەکانن و مێژوویەکی دێرینییان هەیە، ئەگەرچی هەردوو زمانەکە لەیەك سەرچاوەوە سەریان هەڵداوە،بەلاّم لە مێژوویەکی پێشتر یان پێش کۆڕەوی پارسوا و میدییەکاندا بووە، کەبۆسەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. دەبێ ئەوە ڕەچاوبکرێت،کە پەیوەندی خزمایەتی نێوان دوو زمان پەیوەندییەکی فیسۆلۆژی ناگەیەنێت، زمانێکییان باوك یان دایکی زمانێك بێت.[٢٢]

## ١-٣/١) پەیوەندی لایەنی زمانی نێوان کوردی و فارسی:

هۆی تیشك خستنەسەر پەیوەندی نێوان زمانی فارسی لەگەڵ زمانی کوردیدا، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە لە زۆر لایەنەوە مێژووی کوردستان و زمانی کوردی لە ژێر ناوی نەتەوەی فارس و زمانی فارسیدا بزرکراوە. بێگومان هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە جیاوازو جۆراوجۆرن .ئاشکرایە، کە پەیوەندی پتەو لەنێوانی زمانی فارسی نوێ و کوردیدا هەیە. لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی فارسی کارێکی زۆر گرانە، لەبەرئەوەی، کە کام زمانە فارسییەو کامە فارسی نییە دەبێتە کێشە، دەبینرێت، کە لێکۆڵەرەوەکان

---

٢١. محمد محوی (٢٠١٠: ١٤٥).

٢٢. ئەبوبکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ١٠).

٢٣. سۆران حەمەڕەش ( ٢٠١٣: ٢٩٣-٢٩٤)

Chra Rebwar

**مێژووی زمانی فارسییان دابەشکردووە بەسەر سێ قۆناغداو هەرقۆناغەو ناوێکیان بۆ داناوە[٢٣]:**

١. **فارسی کۆن ( ئەو فارسییەی لەسەر بەردەکان نووسراوە ).**
٢. **فارسی ناوەند ( ناوێکی ترە بۆ زمانی پەهلەوی ).**
٣. **فارسی نوێ ( ئەو فارسییەی، کە ئەمڕۆ قسەی پێدەکرێت ).**

**بنچەی زمانی فارسی ڕوونەو نەوونی تێکستی فارسی لەدوای فارسییە کۆنەکە، ماف بەکەس نادات، کە زمانێکی تر بە ڕابردووی زمانی فارسی لەقەڵەم بدات. سەبارەت بە زمانی کوردیش لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە بنەچەی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی سۆمەری، ئەم زمانە ڕوونترین پەیوەندی هەیە لەگەڵ زمانی کوردیدا.**

**زمانی کوردی ئەمڕۆ پێکدێت لەکۆمەڵێك زاراوەی جیاواز، هەتاکو ئێستا بەهۆی باری سیاسی کوردستانەوە نەتواندراوە، کە نەخشەیەکی وردو تەواو بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنی جوگرافی و پەیوەندی ڕێزمانی و ئەنسرۆپۆلۆجی ناوچەی زاراوەکان دابنرێت و جیاوازی و لێکچوونی بخرێتەڕوو. کۆنترین پۆلێنکردن بۆ کوردو زمانەکەی لە لایەن شەرەفخانی بدلیسی (١٥٤٣ز-١٦٠٣ز )ەوە کراوە و زمانی کوردی لە ڕووی هەندێك تایبەتمەندییەوە کردۆتە چواربەشەوە، ئەو چواربەشە بە (کرمانج، لوڕ، گۆران و کەلهوڕ ) ناودەهێنێت و لەسەدەی بیستەوە تا ئەمڕۆ ئەم پۆلێنکردنەی شەرەفخان ڕەگی داکوتاوەو تائێستاش زۆرینەی پۆلێنکردنەکان هەر ئەو چوارەن.[٢٤]**

**ڕوون و ئاشکرایە، کە زمانی کوردی، ئاشنایی و ناسیاوییەکی کۆنی لەگەڵ زمانی فارسیدا هەبووە، چونکە هەردووکیان سەر بەکۆمەڵەی زمانە هیندۆ-ئەوروپاییەکانن، بەڵام لەگەڵ ڕووەوە جیاوازن و لەیەك ناچن، چ لەڕووی وشەو**

---

[٢٤]. سۆران حەمەڕەش (٢٠١٣: ٣١٠-٣١١ ).

Chra Rebwar

**ڕێزمان و فراوانکاری و جوانکاری و چ لەڕووی دەنگی ئاخاوتنەوە لەیەکتر دوورن.[٢٥]**

**(سدنی سمیث) سوورە لەسەر ئەوەی ، کە زمانی کوردی زمانێکی تەواو سەربەخۆیەو پەرەسەندنی ڕاستەقینەی مێژوویینی خۆی هەیەو زمانێکی ئارییایی نایاب و دێرینە، لە چیاکانی کوردستاندا لە زووەوە ژیاوەو تا ئەمڕۆش پەتیەو بە پوخت و پاراوی ماوەتەوە.[٢٦]**

**کۆمەڵە زمانە ئێرانییەکان*،کە سەربە کۆمەڵە زمانی هیندۆ–ئێرانییە بریتییە، لە زمانێکی زۆری وەکو: ( کوردی، بلوشی، سوغدی یانی، پشتو، ئاوێستا، فارسی کۆن)، هەر لەناو کۆمەڵە زمانی هیندۆ–ئێرانییەکاندا، لێك نزیکییەکی ئاشکراش لەنێوان کۆمەڵە زمانە هندییەکان و کۆمەڵە زمانە ئێرانییەکاندا بەدی کراوە، ئەم لێك نزیکییەش بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەو دوو کۆمەڵە زمانە، لەیەك شوێنەواری ڕەچەڵەکدا سەریانهەڵداوەو ڕەسەنییەکی هاوبەشییان هەبووە، کە ناوی (زمانی هیندۆ–ئێرانی) لێنراوە، بڕواش وایە،ئەو ڕەسەنە بێت، کە ئەم لقانەی ئێستای کۆمەڵە زمانە هندییەکان و کۆمەڵە زمانە ئێرانییەکانی لێ جیابووبنەوە. کۆمەڵەی زمانە ئێرانییەکان دەکرێت بەسێ بنەچەوە[٢٧]:**

1. **زمانە ئێرانییەکانی باکووری.**
2. **زمانە ئێرانییەکانی باشووری.**
3. **زمانە ئێرانییەکانی خۆرهەڵات.**

---

[٢٥]. پ.د. فوئاد حەمە خورشید ( ٢٠٠٨: ١٦).

* مەبەست لە(زمانە ئێرانییەکان)تەنیا ئەو زمانانە نییە کە لە ناو چوارچێوەی کۆماری ئێرانی ئێستادا هەیە،چونکە زاراوەی( زمانە ئێرانییەکان) کۆمەڵە زمانێکی زۆرەو گەلێك لەوە فراوانترە، لەبەرئەوە مەبەست لەم زاراوەیە ئەو کۆمەڵە زمانەیە،کە هیچ پەیوەندییەکی بەدەوڵەتی ئێرانەوە نییە،تەنیا ئەوە هەیە،کە ئەو زمانانەی ئێرانی ئێستاش بەشێکن لەو کۆمەڵە زمانە زۆرانە. بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە (٢/١–١–٤)ی ئەم توێژینەوەیە.

[٢٦]. پ.د. فوئاد حەمە خورشید ( ٢٠٠٨: ١٧).

[٢٧]. سەرچاوەی پێشوو ( ٢٠٠٨: ٢٣).

Chra Rebwar

زمانی کوردی سەر بە بنەجەی یەکەمیانە، بەڵام زمانی فارسی سەر بەبنەجەی دووەمیانە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەو دوو زمانە هەریەکەیان بۆخۆی سەربەخۆیەو لەیەك جیاوازن.لەو هێڵکارییەی،کە لە (٢/١-١-٤)ی ئەم تویژینەوەیەدا هەیە، زمانی کوردی خۆی بەئاشکرا دەنوێنێ و دەبینرێت، کە نە لقێکە لە زمانی فارسی و نە دیالێکتی ناوچەیەکیشە لە زمانی فارسییەوە وەرگیرابێت، هەروەها ئەو هێڵکارییە پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان ئەم دوو زمانەی ڕوونکردۆتەوە، کە تەنیا ئەوەندەیە، لە بناغەوە هەردووکیان سەر بە کۆمەڵەی زمانە ئێرانییەکانن و هیچی تر.[٢٨]

---

[٢٨]. پ.د. فوئاد حەمە خورشید ( ٢٠٠٨: ٢٣).

Chra Rebwar

# بەشی دووەم

## کاریگەری وشەی فارسی لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی

Chra Rebwar

## ٢) كاریگەری وشەی فارسی لەسەرفەرهەنگی زمانی کوردی

### ١/٢) هۆکارەکان و چۆنییەتی کاریگەری وشەی بێگانە لەزمانی کوردیدا

### ١/٢-١) هۆکارەکانی هاتنەناوەوەی وشەی بێگانە لەزمانی کوردیدا* :

گرنگترین هۆکارەکانی تێکەڵبوونی وشەی بێگانە بۆناو زمانی کوردی بریتین لە:

#### ١/٢-١-١) هۆکاری ڕامیاری:

هۆکاری ڕامیاری و داگیرکردنی خاکی کوردستان بەدرێژایی مێژوو بەتایبەت لەلایەن فارس و تورك و عەرەبەوە کاریگەری بەرچاوی لە تێکەڵبوونی وشەی فارسی و تورکی وعەرەبی هەیە بۆناو زمانی کوردی، قەدەغەکردنی خوێندن بەزمانی دایك و بەکارهێنانی ئەو سێ زمانە وەك زمانەکانی فەرمی دەوڵەت لە دامودەزگاکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە وادەکات،کە زمانەکە تەنها لە چوارچێوەی خێزاندا بەکاربهێندرێت و زمانی نووسین و خووێندنەوە بەزمانی دایك نەبێت، هەربەم هۆیەشەوە وشەگەلێکی زۆری ئەو زمانانە تێکەڵی زمانی کوردی بوون.(٢٩) هەروەها گۆڕینی ناوی شارو کۆلان و ڕێگەنەدان بە ڕۆژنامەو گۆۆڤارو کەناڵەکان هۆیەکی تری ڕامیارین.

#### ١/٢-١-٢) هۆکاری ئاینی:

بێگومان ئاین ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاوی هەیە لەسەر زمان، چونکە هەر ئاینێك بەزمان پەیامی خۆی دەگەیەنێت، بەڵام ئێمە وەکو کورد،کە پەیڕەویکەری ئاینی پیرۆزی ئیسلامین و قورئانی پیرۆزیش بەزمانی عەرەبی نووسراوە، هەرلەبەر ئەم هۆکارە کاریگەری زیاتری زمانی عەرەبی لەڕێی ئاینەوە لەسەر زمانی کوردی هەیە. (نەسرین محمد عەبدوڵا) لەمبارەیەوە دەڵێت:(( ئاین کاریگەری زۆر دەخاتە سەر

---

* نووسەران هەریەکەو چەند هۆکارێکیان باسکردووە، (ئێمەش) چەند هۆکارێکمان بەپێویست زانی باسییان لێوەبکەین.

٢٩. سوود لە وانەی (مێژووی زمان وزار) ی (پ.ی.د. مهاباد کامیل عەبدوڵا) وەرگیراوە.

زمانە ڕەسەنەکەو بەتێپەڕبوونی کات وشەکانی ئاینەکە تێکەڵ بەزمانی کۆمەڵگا دەبێت. تەنانەت هەندێکجار ئاین هۆکار دەبێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی زمان و دابەشبوونیان بۆ چەند زمانێکی تر وەك: سڕبی و زمانی کڕواتی و زمانی بۆستایی.))[٣٠] لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کوردستان زۆر وشەی عەرەبی تێکەڵی زمانی کوردی بووە، وشەکانی ( حەج، عومرە، مەلائیکە،...هتد) ئەمانە نموونە گەلێکی زیندووی کاریگەری ئاینی ئیسلامن لەسەر زمانی کوردی، هەروەها هەندێکجار بەهۆی پیرۆزی ئاینەکە زۆربەی ناوی مزگەوت و شەقام و مرۆڤەکان بەناوی کەسایەتییە پیرۆزەکانی ئاینەوە ناونراون وەك: ( محمد، ئیبراهیم، موسا، علی،...هتد).

### ١/٢-١-٣) هۆکاری بازرگانی و پیشەسازی *:

بوونی پەیوەندی بازرگانی وپیشەسازی ڕێگەخۆشکەرن بۆهاتنی وشەی بێگانە بۆ ناو زمانەکان بەهۆی ئاڵوگۆڕی کاڵاو شتومەکەوە، کە هەریەکەیان ناوی تایبەتی خۆی هەیە.[٣١] کاتێکیش ئەوکاڵایانە دێنە ناو کوردستانەوە، بەهۆی نەبوونی وشەی هاو واتا لەزمانی کوردیدا، یاخود زۆر بەکارهێنانی وشە بێگانەکە، ئەو ناوانە دەبنە بەشێك بۆ وشەکانی زمانی کوردی، بۆنموونە: (ئیسپانە، کێبڵ، موبل،...هتد).

### ١/٢-١-٤) هۆکاری خێزانی :

زمانی کوردی پۆلێنی زمانی هیندۆئەوروپی کراوەو لە لقی هیندۆئێرانی و دواتر لە خێزانی زمانە ئێرانییەکان لە ستاندەری دابەشکردنی زمانە جیهانییەکان ئەژمارکراوە.

---


* لێرەدا دەتوانین بڵێین یەکێك لەهۆکارەکانی هاتنی ئەم وشانە، زیاتر بەهۆی نەبوونی ئامێرە یاخود دروست نەکردن و داهێنانی لەلایەن کوردەوە، بەپێویست نەزانراوە وشەی بۆ دابتاشرێت.

٣٠. نەسرین محمد عەبدولا (٢٠١٥: ٢٦).

٣١. سەرچاوەی پێشوو (٢٠١٥ : ٣٠)

Chra Rebwar

خێزانی زمانە ئێرانییەکان زمانەکانی ( کوردی، فارسی، پەشتۆ، تاژیك،...هتد) لەخۆدەگرێت، وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دیاریکراوە:[٣٢]




(هێڵکاری چوارەم)

لەنێوان وشەی ڕەسەنی کوردیدا گەلێك وشەی گرنگ هەن کە بەرەگەز ئێرانین، ئەوەش بەو مانایە نایەت، کە وشەکان لە زمانێکی بێگانەوە وەرگیرابن، بەڵکو هاوبەشی لەنێوانیاندا هەیەو کاریگەرییان لەسەریەکتر هەیە، بۆنموونە: وشەکانی (پرس، ئاو، برا، دە، سەد) لەزمانی کوردیدا بەرامبەر وشەکانی (پورس، ئاب، برادەر، دە، سەد) لەزمانی فارسیداو وشەکانی (پورس، ئۆب، بارودەر، دە، سەد) لە زمانی تاجیکیدا، هەروەها جگە لەمانەش لەنێوان وشەی کوردی و ئێرانیدا وشە هەن، کە بنجی هیندۆئەورووپییان هەیە وەك: (برا، زاوا، برۆ، نوێ).[٣٣]

32. https://slmc.uottawa.ca/?q=indo-european-family.

٣٣. ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٢: ٣٦ ).

### ١/٢-١-٥) هۆكاری ڕۆشنبیری:

ئاشنابوون به كلتورو شارستانی گەلانی جیهان و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری تاك یاخود كۆمەڵ، ناردنه دەرەوەی خوێندكاران و لێكۆڵەران بۆ وڵاتانی دەرەوە بۆ خوێندن و لێكۆڵینەوەكانیان و ئەنجامدانی چالاكی ئەكادیمی، ئەمانه هۆكارێكن بۆ هاتنەناوەوەی  وشەی بێگانه بۆ ناو زمانی كوردی. بۆنموونه: بەكارهێنانی هەندێ زاراوەی وەك: (ئینتەرنێت، بایۆلۆجی، ئیكۆنۆمی،...هتد) ئەمانه هەموو نموونه گەلێكن له هۆكارەكان.

### ١/٢-١-٦) هۆكاری ڕاگەیاندن:

ڕاگەیاندنەكان چ ئەوانەی، كه دەبینرێن و چ ئەوانەش دەبیسترێن هۆكارن بۆ هێنانه ناوەوەی وشەی زمانێك بۆ ناو زمانێكی دیكه، له كوردستان ساڵانی پێش ڕاپەڕین كەناڵه ڕاگەیاندنەكان وڕۆژنامەو گۆڤارەكان به زمانی عەرەبی بوون، ئەمەش هۆكاری هێنانه ناوەوەی وشه عەرەبییەكان بوو بۆناو زمانی كوردی .

بەردەوام هۆكارەكانی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و دەزگاكانی ڕاگەیاندن ئەركیان كەم نییه له گەیاندن و هێنانه ناوەوەی وشەی بێگانەی زمانەكانی تر بۆ ناو زمانی كوردی. بۆنموونه:( پاكێجی چاكسازی )، وشەی پاكێج له (package)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە. (تەسكییەی حیزبی)، وشەی (تەسكییه) له تەزكیەی عەرەبییەوە وەرگیراوەو لەبنەمادا واتای پاككردنەوە دێت، بەڵام لەئێستادا وەك دەستەواژەیەك بۆ پشتگرتن و پشتیوانی بەكاردێت.[٣٤]

### ١/٢-١-٧) هۆكاری دراوسێتی و تێكەڵبوون:

كاتێك دوو نەتەوەی جیاواز تێكەڵ بەیەك دەبن و دەرگا بەڕووی یەكدا واڵا دەكەن پەیوەندییەكانی ئەم دوو نەتەوە جیاوازە له ڕووەكانی كۆمەڵایەتی و كلتوری و بازرگانی و...هتد  پتەو دەبێت ئەمەش دیسانەوە هۆكاردەبێت بۆ كاریگەری بەسەر

---

34. http://millat.co/information/post_detail.php?id=159.

Chra Rebwar

**زمانی یەکترییەوە. لەمبارەیەوە (ئومێد بەرزان برزۆ) دەڵێت:(( دراوسێتی دوگەل یان چەند گەلێکی زمان جیاواز، هۆکارێکی بەهێزە بۆ ڕوودانی ململانێ و گۆڕانکاری لە زماندا، ئەم نزیکایەتی جوگرافییە کارئاسانی دەکات بۆ تێکەڵبوون وئاوێتەبوونی ئەندامانی زمانە دراوسێکان لەوێشەوە کاریگەری زمانەکان لەسەر یەکتری ڕودەدات. ئەم هاوسێیەتییە تا لەڕووی مێژوییەوە پەیوەندییەکان زیاتربێت، کاریگەری زیاتر لەسەریەکتری دروست دەکەن، تا خاڵە ناکۆکەکانی نێوان زمانەکانیش زیاتربن،کاریگەرییان لەسەر یەکتری زیاتر دەبێت.))[٣٥]**

**١/٢-١-٨) هۆکاری تەکنەلۆجی:**

**پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو بەکارهێنانی ئامێرو پرۆگرامی تەکنیکی هۆکارێکی تری هاتنە ناوەوەی زمانێکە بۆناو زمانێکی دیکە، بۆنموونە زۆرێك لە تەکنەلۆژییەکان،کە هاتوون بۆناو زمانی کوردی و کەوتوونەتە ژێر یاسای فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییەوە، نموونەش زۆرن وەك: (ئەپلیکەیشن، چات، پەیج، هاك، بلۆك، ...هتد).[٣٦]**

**لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زمانی کوردیش وەك هەموو زمانەکانی تر بێبەش نییە لەم کاریگەرییە، کەواتە تەواوی ئەم هۆکارانە کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر هاتنە ناوەوەی وشەی بێگانە بۆناو زمانەکەمان.**

---

٣٥. ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٣: ١١٦)

٣٦. سوود لەوانەی ( زاراوەسازی ) ی (پ.ی.د. محمدعمر عەول) وەرگیراوە.

Chra Rebwar

## ٢-١/٢) چۆنییەتی کاریگەری وشەی بێگانە لەزمانی کوردیدا:

لە تەواوی ئەو زمانانەی لەجیهاندا هەن ومرۆڤ پێیان دەپەیڤن و دەنووسن و دەخوێننەوە، تاکە یەك زمان نییە، کەسەد لەسەد خاوێن بێت و هیچ وشەو هیچ دەستەواژەیەکی بیانی تێدا نەبێت.

بە پێیەی هەموو زمانێك،هاوکاتی گۆڕانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵ، وەك یەکەیەکی زیندوو لەدایك دەبێت وگەشە دەکات و بەرەو لاوازی دەچێت، دەشێت چەندین دیاردەو گۆڕانکاری جۆربەجۆری تێدا بێتە ئاراوە، وشەی بێگانەش بەهەموو ئەو وشانە دەوترێت، کە لەڕێگای زمانێکی جیاواز لە زمانی کوردی هاتوونەتە ناو زمانەکەمان و لەلایەن کۆمەڵەوە بەکاردەهێندرێت، بێگومان بە دوو شێواز و بەدوو کاردانەوە وشەی بێگانە دێتە ناو زمانێکەوە، یەکێك لەڕێگاکان ناودەبرێت بە (خواستن)، ئەم دیاردەیە کاریگەری ئەرێنی لەسەر زمانەکە دروستدەکات، چونکە لەناوزمانەکەدا ناومان بۆکەرەستەکە نییەو خواستراوە لە زمانێکی بێگانەوە، (د.تابان محمد سعید) دەڵێت:(( وشەی خواستراویش لەوکاتەدا دروست دەبێت، کەوشەیەك بەهۆی پێویستی وبەکارهێنانەوە دێتە زمانەوە، لەگەڵ زۆر دووبارەکردنەوەیدا دەبێت بە وشەیەکی دیار لەزماندا، ئەم خاسیەتەی زمانیش نیشانەی چالاکی و هەوڵدانییەتی بۆبەرەو پێشچوون، وەنەبێت کارێکی زیانبەخش بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە زمانەکەی دەوڵەمەندو فراوان بەرین کردووە.))[٣٧]

نموونە وەك: (مۆبایل ، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت،...هتد).

یەکێکی تر لەڕێگاکان ناودەبرێت بە (ژەهری زمانی)،ئەم دیاردەیەیان کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانەکە دەبێت، چونکە لە ناوزمانەکەدا ناومان بۆکەرەستەکە هەیەو لەجێگای ئەوە وشەی زمانێکی بەدەر لەزمانەکەی خۆمانی بۆبەکاردەهێنین.نموونە وەك: (مەسیج، دیلێکت، ستایل، لحن، ...هتد).

---

٣٧. تابان محمد سعید (٢٠٠٨: ٤٥)

Chra Rebwar

(ئەحمەد شاکەڵی) سەبارەت بەم دیاردەیە لەزمانی کوردیدا، دەڵێت:((شێواندن و تێکدان و بەرەبەرە لەبەینبردنی زمانی کوردی، کارێکە ڕۆژانەو بەردەوام لەهەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت. زۆری دەزگاکانی میدیا: تەلەفیزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە،...هتد ، لەپێشی هەموو ئەوانەشەوە ئینتەرنێت، خێراییەکی فرەترە بۆ وێرانکردنی زمانی کوردی، هەروەها هۆکارێکی دیکە نابەرپرسیارێتی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانە بە زمان وفەرهەنگەوە، سەرباری هەموو ئەمانەش بێهەستی زۆرێك لەوانەش، کە دەست دەدەنە قەڵەم ودەنووسن.))[٣٨]

هەموو ئەمانە هۆکاری ژەهراوی بوونی زمانی کوردین، دەبنە هۆی مردن و بەرەبەرە لەناوچوونی زمانی ڕەسەنی کوردی.

سەبارەت بەو کاریگەریانەش کە زمانی فارسی هەیەتی لەسەر زمانی کوردی، دەبینین، کە پەیوەندی ئەم دوو زمانە دەتوانێت بەو هۆیەوە بێت،کە لەیەك ماڵباتی زمانییەوە سەرچاوە دەگرن، هەڵبەت پەیوەندی نێوان زمانان تەنیا بەهۆی ماڵباتی زمانییەوە نییە، بەڵکو دراوسێ بوون (جوگرافیا) و هەروەها ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیش دوو پارامێتری گرنگن،کە دەبنە هۆی سازبوونی ئەو پەیوەندییە، بۆیە دەکرێت ئاماژە بکەین بە دوو شێوازی وشەسازی، کە لەئاکامی پەیوەندی لەگەڵ زمانانی بێگانەدا دێنە ئاراوە، کە ئەوانیش : قەرزکردن (borrowing) و وەرگێڕان (translation) ە. (کەماڵ حاجی محمدی ) لەمبارەیەوە دەڵێت:(( زمانی کوردی و فارسی سەر بەیەك ماڵباتی زمانین: واتە ماڵباتی زمانی ئێرانی کە چەند زمانی دیکەی وەك بەلووچی و گیلەکیش لەخۆدەگرێت. ئەگەرچی سەردەمانێك ئەم زمانانە دەستە خوشکی یەکتربوون،بەڵام بەهۆی دوورکەوتنەوەو لێك دابڕان توانیان هەتا ڕێژەیەکی زۆر بە سەربەخۆیی بگەن، لەم نێوانەدا زمانی فارسی بەهۆکار گەلی سیاسی توانی،کە زیاتر لەوانی دیکە گەشە بکات و بەر لە ئەوانیش ببێتە خاوەنی ئەدەبیات و مێژووی نڤیساری و هەروەها شێوازگەلی پیشەیی(jargon)، ئەگەرچی

---

[38] . http://millat.co/information/post_detail.php?id=159.

Chra Rebwar

ئەم گەشەکردنە دەیتوانی بەشێوەیەکی ئاسایی پەیوەندی نێوان زمانەکان بخاتە ژێر کاریگەری،بەڵام بەهۆی لاوازبوونی پەیوەندی لەنێوان کۆمەڵگە زمانییەکان وەها دۆخێك بیچمی نەگرت.))[٣٩]

دەتوانین چوار قۆناغ دیاری بکەین بەجۆرێك، کە هاوکات بتوانێت بەشێوەی زنجیرەیی پرۆسەی پاکتاوکردنی زمانێك نیشان بدات، هەر یەکێك لەم قۆناغانە لەنێوان خۆیاندا ڕێژەی جیاوازیان هەیەو لێرەوە بۆمان دەگونجێت، کە تەنیا بەشێوەیەکی گشتی باسیان لێوەبکەین، کە ئەوانیش بریتین لە:[٤٠]

**١.قۆناغی دزەکردن (Penetration):**

لەم قۆناغەدا هەر وتەیەکی "زمانی کاریگەر" کە هاوردەی زمانی "کارگرتوو" دەکرێت، یان وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کارگرتوو، یاخود بەبێ وەرگێڕان لەسەر سیستەمی فۆنەتیکی زمانی کارگرتوو ویژار دەکرێت، ئەم وتەیە دەتوانێت لە وشەوە بگرە هەتا یەك ڕستەی تەواو بگرێتەخۆ، بەگشتی دەتوانین بڵێین،کە لەم قۆناغەدا ڕێزمان و ژێرخانی زمان ناگۆڕدرێت ،یاخود بەڕێژەیەکی زۆر کەم دەگۆڕدرێت و کاریگەرییەکە زیاتر لە ئاستی ویژارو وەرگرتنی وتەگەلێکی تایبەتدایە،ئەگەر چی هاوردەکردنی ڕۆژ بە ڕۆژی ئەم وتە گەلە مەترسییەکی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی زمان بەرەو قۆناغەکانی دواتری کارگرتووی بڕوات، ئەم قۆناغە لە زاراوەی سۆرانیدا بەرچاوە، لە هەموویان زیاتر زاراوەی ئەردەلانی.

Chra Rebwar

**٢. قۆناغی تێکەڵ بوون (Mix languagw):**

زمانی تێکەڵ زمانێکە، کەلەکارلێك وتێکەڵی دوو،یان ڕەنگە چەند زمانێك دروست بووبێت، بۆنموونە: چەند ئاخێوەرانێك،کە نە لە زمانی یەکتر تێدەگەن ونە زمانێکی نێوبژی شك دەبەن کە بۆ هەردووکیان هاوبەش بێت، کاتێك بیانەوێت مەبەستی خۆیان بەیەکتر ڕابگەیەنن زمانێکی نوێ بەرهەم دەهێنن،کە تێکەڵەیەکە لە هەردوو

---

39. http://www.nnsroj.com/detiles.aspx?id=4319.

٤٠. سەرچاوەی پێشوو.

زمانی پێشوو بەو زمانەش دەوترێت پی جین(pidgen)، لەم زمانەدا ئاخێوەرانی هەردوو زمان لە پرۆسەی تێکەڵ کردن وبەرهەم هێنانی زمانی نوێدا بەشدارن بەمەبەستی تێپەڕاندنی پێداویستییەکی هاوبەش ، واتە ئەنجامدانی گفتوگۆ.

**٣. قۆناغی ڕەمزگۆڕین (Code-switching):**

ئەم پرۆسەیە دەلالەت دەکاتە سەر ڕۆیشتن لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر، کەواتە کاتێك دەڵێین ڕەمزم گۆڕیوە واتە هەتا ئێستا بە شێوەزارێك قسەم کردووەو لە ئێستا بەدواوە بە شێوەزارێکی دیکە قسەدەکەم ، سەبارەت بە کاریگەری زمانی فارسی لەسەر زمانی کوردی و زمانانی دیکەی ناو ئێران دەبێت دۆخێك وێنا بکەین،کە دوو ئاخێوەری سەر بەیەك شێوەزار لەیەك شوێندا و سەبارەت بەیەك بابەت دەدوێن، کەچی بەردەوام لەزمانێکەوە(کوردی) دەچن بۆ زمانێکی تر (فارسی) و بەپێچەوانەشەوە، لەدۆخێکی وەهادا زمانی کاریگەر جیاواز و ڕاستەوخۆ دێتە نێو کایەوە و بەشێکی بەرچاو لەئەرکەکانی سازکردنی گفتوگۆ دەگرێتە ئەستۆ. هەڵبەت دیارە،کە لەم قۆناغەدا ئەوبەشەی گفتوگۆ،کە بەزمانی کارگرتووش ئەنجام دەدرێت یان سەر بە قۆناغی دووهەمە(زمانی تێکەڵ)،یان لەباشترین دۆخدا سەربەقۆناغی یەکەمە، بۆنموونە: ڕستەکان وەردەگێڕدرێتە سەر وێژاری کوردی، لەئاراستەی ئەم قۆناغەدا دەتوانین بە زمانی کاریگەر بڵێین زمانی جێگر و بە زمانی کارگرتوو بڵێین زمانی جێهێڵ.[٤١]

**٤. قۆناغی لەبیربردنەوە/مردن (Forget/die):**

ئەم قۆناغە بریتییە لەوەی ،کە زمانی کارگرتوو(جێهێڵ) کەم کەم دەخرێتە پەراوێزەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ کارکردەکانی بچووکترو ئاستەنگتر دەبێتەوە هەتا ئەوەی،کە دوای ماوەیەك ئیتر بێ کەڵك دەکەوێت وتەواوی جێی خۆی دەدات بە زمانی کاریگەر(جێگر)،نموونەی ئەم قۆناغە زیاتر لای کەسانێك دەست دەکەوێت،کە لەسەرەتای منداڵییەوە ڕاستەوخۆ بوونەتە بەردەنگی زمانی فارسی و بەو زمانە

[41]. http://www.nnsroj.com/detiles.aspx?id=4319.

Chra Rebwar

گەورە بوون، هەڵبەت ئەگەرچی توانیویانە لەکەسانی دەوروبەری خۆیان هەتا ئاستێکی زۆر فێری زمانی کوردی ببن، بەڵام بەکاری ناهێنن و هیچ هەستێکی تایبەتیان بۆی نییە، هەروەها ئەو کەسانەی، کە زمانی کوردی لە تەمەنی منداڵیدا فێربوونە، بەڵام لەشوێنێك دەژین،کە بە زمانێکی تر ئاخاوتن دەکرێت و بیرەکان دەگۆڕدرێتەوە.[٤٢]

## ٢/٢) بنەچەی وشە وەرگیراوەکانی زمانی کوردی:

ئیتیمۆلۆژی ئەوبەشەیە لە زانستی وشە، کە لەپەیدابوون و وەرگرتن و گەشەکردنی وشەو ئەو دەورانەی پێیدا تێپەڕیوە دەدوێت.[٤٣]

زۆرترین وشەی بێگانە لە زمانی ئەو دەوڵەتانەوە وەرگیراون، کە خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، وەك: زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی، یان لەزمانەکانی تری دونیاوە وەرگیراون و لە ڕێگەی ئەم زمانانەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە.

## ٢/٢-١) وشەی عەرەبی لە زمانی کوردیدا:

لە زمانی کوردیدا وشە گەلێکی ئێجگار زۆرهەن کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، هۆکاری ڕامیاری و ئاینی و دراوسێتی گرنگترین هۆکارن بۆ وەرگرتنی وشەی عەرەبی. وشە وەرگیراوەکانیش کەوتونەتە ژێر باری کاریگەری زمانی کوردی و لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردیدا خۆیان گونجاندووە، بۆنموونە دەنگەکانی (ط،ص،ظ، ض،...هتد)، کە لەوشەی عەرەبیدا هەن، گۆڕاون بۆ ( ت، س، ز،...هتد) لە زمانی کوردیدا. بۆ نموونە:

---

٤٢. http://www.nnsroj.com/detiles.aspx?id=4319.

٤٣. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٢: ٢٥)

٤٤. سەرچاوەی پێشوو (٢٠٠٢: ٤٢-٤٣ )

| وشەی کوردی | وشەی عەرەبی |
| --- | --- |
| مقەست | مقص |
| زوڵم | ظلم |
| زەخیرە | ذخيرة |
| تاپۆ | طابو |
| سابیر | صابر |
| سەروەت | ثروة |
| ئیزاعە | إذاعة.[٤٤] |

## ٢-٢/٢) وشەی ئینگلیزی لە زمانی کوردیدا:

زمانی ئینگلیزی کاریگەری زۆری لەسەر زۆربەی زمانەکانی دونیا هەبووە وهەیە،ئەویش بەهۆی ئەو داگیرکارییانەی ئینگلیز کردویەتی بەدرێژای مێژوو،داگیرکردنی وڵاتی عێراق وکوردستان ڕەنگە سەرەتایەك بووبێت بۆتێکەڵبووی وشەی ئینگلیزی بۆ ناو زمانی کوردی.

هەندێکجار وشە ئینگلیزییە خواستراوەکان لەڕێگەی زمانی عەرەبی و فارسییەوە هاتونەتە ناوزمانی کوردییەوەو هەندێکجاریش ڕاستەوخۆ وشەکان وەرگیراون، لە هەردوو بارەکەشدا کورد هەوڵی داوە لەڕوی فۆنەتیکەوە وشەکان لەگەڵ زمانەکەی خۆیدا بگونجێنێت.بێگومان نموونە زۆرن،ئاماژە بەهەندێکی کەمیان دەدەین، وەك:

| وشەی کوردی | وشەی ئینگلیزی [٤٥] |
| --- | --- |
| پاس | Bus |
| بانك | Bank |
| بلوتوس | Bluetooth |

[45]. Rebin Abdulqadr،Hawkar Akram.A survey on loanwords from English to Kurdish.international journal of Kurdish studies Vol.2/1 (January 2016).

Chra Rebwar

| | |
|---|---|
| Committee | کۆمیته |
| Boycott | بایکۆت |
| Culture | کەلتور |
| Television | تەلەفزیۆن |
| Benzene | بەنزین |
| Computer | کۆمپیوتەر |
| Heater | هیتەر |
| Ice cream | ئاسکریێم |
| Wire | وایەر |
| T-shirt | تیشێرت |

**٣-٢/٢) وشەی تورکی لە زمانی کوردیدا:**

**داگیرکردنی دەوڵەتی عوسمانی و دراوسێیەتی ودابەشبوونی خاکی کوردستان،کۆمەڵە هۆکارێکن بۆ وەرگرتنی وشەی تورکی و هاتنی ئەو وشانە بۆناو زمانی کوردی. بۆنموونە:**

| وشەی تورکی | وشەی کوردی |
|---|---|
| Yaprak | یاپراخ |
| Bardak | پەرداخ |
| Dolmak | دۆڵمە |
| Kacak | قاچاخ |
| Kalaballk | قەرەباڵغ[٤٦] |

٤٦. پ.ل.تسابۆلۆڤ (٢٠١٠: ١٣١)

Chra Rebwar

## ٤-٢/٢) وشەی ڕوسی لە زمانی کوردیدا:

نەبوونی سنوری جوگرافی هاوبەشی ڕوسیا لەگەڵ کوردستاندا بەتایبەت لەگەڵ ئەو بەشەی کوردستان کەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی تێدا بەکاردێت،جیاوازی ئاین و لاوازی پەیوەندی ڕامیاری وئابوری لەئێستادا، بوونەتە هۆی ئەوەی کەمترین وشەی ڕوسی تێکەڵ بە زمانی کوردی ببێت.

هەندێك وشەی ڕوسی لەڕێگەی زمانی فارسی وعەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و بێگومان کوتوونەتە ژێر کاریگەری فۆنەتیکی کوردییەوە. بۆنموونە:

| وشەی کوردی | وشەی ڕوسی |
| --- | --- |
| سەماوەر | سەماڤەر |
| ئوتوو | ئوتووك |
| ئەفسەر | ئەفیسێر |
| گالیسکە[٤٧] | کالیسکە |
| لاستیك[٤٨] | لاستیك |
| شەپکە (کڵاو) | شاپکە |
| سۆڤیەت | ساڤێت |

Chra Rebwar

٤٧. https://www.academia.edu/10442551/russian_loanwords_in_persian_and_tajiki_languages

٤٨. سەرچاوەی پێشوو.

## ٣/٢)وشەی فارسی لە فەرهەنگ وبەکارهێنانی زمانی کوردیدا:

## ٣/٢-١) ئەو وشانەی عەرەبین و فارس و کورد بەکاریدەهێنن*:

ئەم وشانە هاتوونەتە زمانەکەمانەوە، جێگەیەکیان لەناو فەرهەنگی زمانی کوردیدا گرتووە و زۆربەی قسەپێکەرانی زمانی کوردی بەکاریاندەهێنێت:

هەموو ئەم نموونە گەلانەی خوارەوە ئەو وشانەن، کە عەرەبین و فارس و کوردیش بە یەك واتا بەکاریدەهێنن:[٤٩]

- امار
- اتفاقی
- اثبات
- اخلاق
- افسانە
- امتحان
- اندام
- انسان
- انقلاب
- انکار
- اهلی
- ایمان
- شاهد
- شبکە
- شکل

Chra Rebwar

* ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، وەکو لایەنی ئیتیمۆلۆژی وشەکان کارمان نەکردووە، بەبۆچوونی ئێمە کارێکی ئاسان نییە، کە وشەکان بگێڕینەوە سەر بنەچەکەیان، بۆیە لێرەدا بەو جۆرەی سەرەوە ئاماژەمان پێداوە.

٤٩. محمدنقی براهنی و ئەوانی دیکە ( ١٣٨١: ٩-١١٩).

- **شيطان**
- **دفاع**
- **رحم**
- **رتبه**
- **رقم**
- **رمز**
- **روح**
- **زاهد**
- **سؤال**
- **سرعت**
- **عادت**
- **عاقلانه**
- **عرفان**
- **عشق**
- **فكر**
- **فلسفه**
- **فهم**
- **قفس**
- **قول** **(قەول / پەیمان )**
- **قوم** **(کەس وکار)**
- **كابوس**
- **مراسم**
- **مرحله**
- **مشكل** **( کێشەو گرفت )** [٥٠]

---

٥٠. ئەبوبكر رەشید موحەمەد( ٢٠٠٣: ٤٣-١٦٩)

Chra Rebwar

- مقدر
- الت
- طرفه
- دستور
- دولت
- صحرا
- سفر
- نزاع
- صدا
- کیف
- ادم
- ساخته
- سده ( سەدە/ قەرن )
- نقد
- وفا
- وظیفه
- وعد
- وقت
- وسط
- وزیر
- نفت
- اجتماعی
- وزارت
- وسائل [٥١]

---

٥١. محمدنقی براهنی و ئەوانی دیکە ( ١٣٨١: ١٥٨-٢٠١)

Chra Rebwar

- وسيله
- مناسب
- وجود
- وەرق ( كاغەز )
- هوس ( هەوەس )
- هندسه
- هدف
- هجو
- خط
- نقل
- نقص
- نفس
- نعنا
- نسبى
- نزر
- تمام
- حمله
- مؤدب
- مواد
- مواجه
- مهم
- منافق
- مملكت
- ملودى[٥٢]

---

[٥٢]. حمەكريم عارف (٢٠٠٠: ٢٨–٧٦)

Chra Rebwar

- مقارنه
- معاملات
- معاون
- مصيبت
- مصلحت
- مسواك
- مسافر
- مد ( مۆد )
- محك
- محكمه
- مخالف
- لشكر
- لذت
- كهربا
- قهوه
- قيمت
- قسمت
- قضا
- قضيه
- قرار
- قرعه
- قتل
- قاره
- فن[٥٣]

٥٣. حمەكريم عارف (٢٠٠٠: ٢٨-٧٦)

Chra Rebwar

- فقره
- فساد
- فراغ
- فخر
- غيرت
- غريب
- غريزه
- عصب
- عادت
- عاشق
- عبرت
- عبور
- عبا
- عبادت
- عاقبت
- طلاق
- طاوس
- صبر
- شهرت
- شك
- شكايت
- شفا
- سهو
- سند[٥٤]

---

٥٤. حمەكريم عارف (٢٠٠٠: ٢٨–٧٦)

Chra Rebwar

- سماق
- سكوت
- سطل
- سرطان
- سحر
- زهر
- زِنا
- زحمه ت
- ريس
- رهبر
- رمان
- رجا
- حرام
- جدى
- حيوان
- خبر
- حمايه
- ثروت
- اجبار
- احتمال
- حركت[٥٥]

---

[٥٥]. حمەكریم عارف (٢٠٠٠: ٢٨-٧٦).

Chra Rebwar

## ٢-٣/٢) ئەو وشانەی هاوبەشن لەنێوان زمانی کوردی و فارسیدا:

**بەهۆی ئەوەی ، کە زمانی کوردی و فارسی سەر بەیەك خێزانی زمانین، بۆیە جیاکردنەوەی وشەکان تا ڕادەیەك ئاسان نییە، چونکە ئەگەری هەیە وشەکان لەبنەچەدا کوردی بووبن و چوبێتنە ناو زمانی فارسییەوە یاخود بە پێچەوانەوە، بۆیە دەکرێت بوترێت وشەی هاوبەش هەیە لەنێوانیاندا، بۆنموونە:**

| وشەی فارسی | وشەی کوردی |
|---|---|
| سرشت | سروشت |
| اخوڕ | ئاخوڕ |
| ارد | ئارد |
| قشنگ | قەشەنگ |
| شماره | ژمارە |
| باڵوێز | باڵوێز |
| امادەباشی | ئامادەباشی |
| تندروستی | تەندروستی |

**باڵوێز: وشەی باڵوێز فارس تازە دروستی کردووەو کورد لێی وەرگرتووە.[٥٦] نایاب: لە فارسیدا بە مانای (نادر) بەدەگمەن هاتووە، بەڵام کورد وەریگرتووەو ماناکەی گۆڕیوە، بەواتای (زۆرباش) بەکاریهێناوە.[٥٧]**

| | |
|---|---|
| بالنده | باڵندە |
| برنامه | بەرنامە |
| بیکاری | بێکاری |
| پاداش | پاداشت |
| پاك | پاك |

[٥٦]. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٢: ٤١).

[٥٧]. سەرچاوەی پێشوو (٢٠٠٢: ٤١).

Chra Rebwar

| | |
|---|---|
| پریشان | پەرێشان * |
| پزیشکی | پزیشکی |
| پشیمانی | پەشیمانی |
| پوچ | پوچ |
| پەیام | پەیام |
| پیری | پیری |
| پیش بینی | پێش بینی |
| پیش نیاز | پێش نیاز |
| پیشه | پیشە |
| پەیوەند | پەیوەند |
| شاگرد | شاگرد |
| شادمانی | شادمانی |
| شکست | شکست |
| شیرەخوارە | شیرەخۆرە |
| شیوە | شێوە |
| دستکاری | دەستکاری |
| دشواری | دژواری |
| دوشمن | دوژمن |
| دین | دین |
| رفتار | ڕەفتار |
| رنگ | ڕەنگ |
| روشنای | ڕۆشنای |
| روشنگری | ڕۆشنگەری |
| زمین | زەمین |
| سانسور | سانسۆر[(٥٨)] |

Chra Rebwar

* لەبەر زۆری نموونەکان و وەرگرتنیان بەتێکەڵی لەسەرچاوەی جیاوازەوە،ناکرێت دانە بەدانە ئاماژە بەسەرچاوەکانیان بدرێت وبەشێوەیەکی گشتی لەم سەرچاوانەوە وەرمانگرتوون:

[٥٨]. محمدنقی براهنی و ئەوانی دیکە ( ١٣٨١: ٩-١١٩).

| | |
|---|---|
| سایه | سایه |
| ستایش | ستایش |
| ستمکار | ستەمکار |
| سرپرشت | سەرپەرشت |
| سرزنش | سەرزەنشت |
| سیما | سیما |
| فشار | فشار |
| قد | قەد (بەرزی) |
| قربانی | قوربانی |
| فراموش | فەرامۆش |
| کانال | کەناڵ |
| گرما | گەرما |
| مستی | مەستی |
| میانەرو | میانڕەو |
| نابینایی | نابینایی |
| ناز | ناز |
| نژاد | نەژاد |
| نشانە | نیشانە |
| وفاداری | وەفاداری |
| ویرانی | وێرانی |
| مرگ | مەرگ |
| کرولال | کەروڵاڵ |
| هشیاری | هۆشیاری |
| همکاری | هاوکاری |
| یاداوری | یادەوەری |
| صابون | سابون |
| شیوە | شێوە[٥٩] |

[٥٩]. محمدنقی براهنی و ئەوانی دیکە ( ١٣٨١: ٩-١١٩).

Chra Rebwar

| | |
|---|---|
| شیر | شیر |
| شل | شل |
| شادبون | شادبون |
| شکر | شەکر |
| پنیر | پەنیر |
| شامبو | شامپۆ |
| شال | شاڵ |
| شاباش | شاباش |
| سیر | سیر |
| سود | سود |
| سنگر | سەنگەر |
| سگ | سەگ |
| سرود | سرود |
| سزا | سزا |
| سرقافله | سەرقافڵە |
| سرطان | سەرەتان |
| سرسام | سەرسام |
| سر راست | سەر ڕاست |
| ستایش | ستایش |
| سپاس | سوپاس |
| ساده | سادە |
| زبر | زبر |
| زحمەت | زەحمەت |
| روزنامه | ڕۆژنامە |
| روشن | ڕۆشن ، ڕوناك |
| رنج | ڕەنج |
| رسوا | ڕیسوا[٦٠] |

٦٠. محمدنقی براهنی و ئەوانی دیکە ( ١٣٨١: ١٠٧-٢٠١ ).

Chra Rebwar

| | |
|---|---|
| رز | ڕەز |
| ران | ڕان، لاق |
| دور | دور |
| دلیر | دلێر |
| دمل | دومەڵ |
| دکور | دیکۆر |
| دکان | دوکان |
| درخت | درەخت |
| درباره | دەرباره |
| دانا | دانا |
| خیار | خەیار |
| خوش باور | خۆش باوەڕ |
| جور | جۆر |
| جنگ | جەنگ |
| جاده | جاده |
| چونکه | چونکه |
| چنار | چنار |
| چتر | چەتر |
| چا | چا |
| پند | پەند |
| چپ | چەپ |
| تیر | تیر |
| توفان | تۆفان |
| توپ | تۆپ |
| توانست | توانست[٦١] |

٦١. ئەبوبکرڕەشیدمحمد(٢٠٠٣: ١٤٦-٣٠١)

Chra Rebwar

| | |
|---|---|
| تنهائی | تەنیایی |
| تنگ | تەنگ |
| تنها | تەنها |
| ترش | ترش |
| تاریکی | تاریکی |
| تاوان | تاوان |
| الفبا | ئەلف با |
| بهادار | بەهادار |
| بیزار | بێزار |
| بادام | بایەم |
| گمان | گومان |
| نایاب | نایاب |
| بشر | بەشەر[٦٢] |

Chra Rebwar

٦٢. ئەبوبکرڕەشیدمحمد(٢٠٠٣: ١٤٦-٣٠١)

# ئەنجام

Chra Rebwar

## ئەنجام

لەکۆتای ئەم باسەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١.زۆربەی ئەو وشانەی لەڕابردوودا هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە(دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست)، لە زمانی عەرەبییەوە خواستراون، ئەویش بەهۆکاری ڕامیاری و ئاینی وجوگرافی.

٢.لەگەڵ زمانی فارسیدا زۆر وشەی هاوبەشمان هەیە، لەبەرئەوەی زمانی کوردی وفارسی سەر بەیەك خێزانی زمانن.

٣.وشە خواستن ڕێگایەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی، بەڵام مەرج نییە وشە خواستراوەکان وشەی هاو واتایان نەبێت لەزمانی کوردیدا،بۆیە پێویستە وشەی هاوواتا بۆ بەشێك لەو وشە بێگانانە بەکاربهێنرێت وهەوڵی بڵاوکردنەوەیان بدرێت.

٤.وشەکان ئاڵوگۆڕو هاوبەشییان پێدەکرێت لەنێو زمانەکاندا، هەندێکجار وشەی بێگانە بەجۆرێك لەناو زمانەکاندا جێی خۆی دەکاتەوە،کە ناسینەوەیان یان جیاکردنەوەیان کارێکی گرانە.

٥.وشەی بێگانە لەناو زمانەکاندا بوونی هەیە،کۆمەڵێك هۆکار هەن بۆ ئەمە، گرنگترینیان هۆکاری سیاسی وئابوری وجوگرافیایە.

٦. هەموو زمانێکی زیندوو لە سەدا سەد پاك وبێ خەوش نییە و بێبەش نییە لە تێکەڵبوونی وشەی بێگانە بۆ ناو زمانەکەی.

Chra Rebwar

# سەرچاوەکان

Chra Rebwar

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بە زمانی کوردی

**ا. کتێب :**


*** ئەوڕەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٢)، بەرهەمە زمانەوانییەکانم، نوسین و وەرگێڕان، سلێمانی.**

*** ئەوڕەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٠)، بنج وبناوانی هەندێ وشە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.**

*** حەمە کریم عارف(٢٠٠٠)،کورتەیەك لەمەڕ زمان و دەستوری فارسی،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.**

*** سۆران حەمەڕەش (٢٠١٣)، کورد کێیە، چاپی یەکەم، لەندەن.**

*** فاروق عومەر سدیق(٢٠١١)، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.**

*** فوئاد حەمە خورشید(٢٠٠٨)،زمانی کوردی ودیالێکتەکانی،چاپی یەکەم،چاپخانەی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،سلێمانی.**

*** محمد محوی(٢٠٠٩)، زانستی هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم، سلێمانی.**

*** محمد محوی(٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژی وبەیەکداچوونی پێکهاتەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی.**


**ب. نامە ئەکادیمییەکان :**


*** ئەبوبکر عومەر قادر(٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لەزمانی کوردی وفارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.**

*** تابان محمد سعید(٢٠٠٨)، گەشەسەندن وپوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی**


Chra Rebwar

* شۆخان عزیز عومەر(٢٠١٤)،لێکسیکۆلۆژی هەندێ وشەی چالاك لەفەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

* شیلان عومەر حسەین(٢٠١١)، پەیوەندی سینتاکس وسیمانتیك لەڕێزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

* عوسمان کریم عبدلرحیم (٢٠١٤)، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

* محمد مجید سعید (٢٠١٥)، فەرهەنگ وپرۆسەی بەلێکسێمبوون، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

* نەسرین محمد عبدلله(٢٠١٥)، کاریگەری زمانە دراوسێکان لەسەر شێوەزاری خانەقین، نامەی ماستەر، کولێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**پ. گۆڤارەکان :**

* ئومێد بەرزان برزۆ(٢٠١٣)، کاریگەری ئاینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردی، ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢٥).

**ت. ئینتەرنێت :**

* ئەمجەد شاکەڵی(٢٠١٤)، کورد خۆی زمانی خۆی لەناودەبات،

http://millat.co/information_detail.php?id=159

* کەماڵ حاجی محمدی(٢٠١٣)،کاریگەری زمانی فارسی لەسەر زمانی کوردی

http://www.nnsroj.com/detiles.aspx?id=4319.

**د. چاوپێکەوتن :**

* پ.ی.د. محمد عومەر عەول: وانەکانی خوێندنی باڵا–بەکالۆریۆس (زاراوەسازی)، (٢٠١٥–٢٠١٦)، هۆڵی(٤٠).

Chra Rebwar

*      **پ.ی.د. مهاباد كامیل عبدلله: وانەكانی خوێندنی باڵا-بەكالۆریۆس(مێژووی زمان وزار)، (٢٠١٤-٢٠١٥).**

**ر. فەرهەنگ:**

*      **ئەبوبەبكر رەشید موحەمەد(كاروانی)(٢٠٠٣)،فەرهەنگی كاروانی هاوچەرخ،چاپی سێیەم،چاپەمەنی تیشك.**

## دووەم: بە زمانی ئینگلیزی

**ا. گۆڤار:**

*Rebin abdulqader azeez,Hawkar akraawla,international journal of Kurdish studies Vol.2/1(january2016),pp.11-28

**ب. ئینتەرنێت:**

* https:  slmc.uottawa.ca/?=indo-european_family

* Iraj bashiri,Russian loanwords in Persian and tajiki

languages, The university of Minnesota, https://www.academia.edu/10442551/Russian_Loanwords_in_persian_and_Tajiki_Languages

*  Knowledge Representation(jhon F.sowa), 2000

## سێیەم: بەزمانی ڕوسی

**ا. فەرهەنگ :**

* **پ.ل. تساپۆلۆڤ (٢٠١٠)، فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی كوردی، بەشی دووەم، مۆسكۆ.**

Chra Rebwar

## چوارەم: بەزمانی فارسی

**ا. فەرهەنگ:**

* محمدنقی براهنی، علی اکبرسیف، جمال عابدی، هامایاك اوادیسیانس، محمد رضا باگنی، یوسف کریمی، نیسان گاهان، جلال بامدادی(١٣٨١)، واژەنامە روانشناسی،چاپی دووەم،تهران.

Chra Rebwar

Chra Rebwar